# خۆراکی دوو کەس؛ بەشی سێ کەس دەکات، وخۆراکی سێ کەس؛ بەشی چوار کەس دەکات

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «(بەشە)خۆراکی دوو کەس؛ بەشی سێ کەس دەکات، و(بەشە) خۆراکی سێ کەس؛ بەشی چوار کەس دەکات». ولە گێڕانەوەی (مسلم) دا: لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «(بەشە) خۆراکی یەک کەس؛ بەشی دوو کەس دەکات، و (بەشە) خۆراکی دوو کەس؛ بەشی چوار کەس دەکات، و (بەشە) خۆراکی چوار کەس؛ بەشی هەشت کەس دەکات».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

فەرموودەکە هاندانی تێدایە بۆ بەشداری کردن لە خواردندا، ئەگەر خواردنەکە کەمیش بێت ئەوا هێندەی پێویستە لێی بەدەست دەهێندرێت، وبەرەکەت وپیرۆزی تێدەکەوێت کە هەموو ئامادەبووانی دەگرێتەوە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هاندەدات بۆ لەخۆبردوویی (الإيثار) واتا ئەگەر خۆراکەکەت هێنا وپێت وابوو بەشت دەکات، وپیاوێکی تر هات بۆئەوەی بەشدارت بێت لە خواردنیدا؛ ئەوا ڕەزیل مەبە، ومەڵێ ئەمە تەنها خۆراکی منە؛ بەڵکو بەشی بدە چونکە بەشی هەردووتان دەکات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6057

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee